# راستیەك لە دیارنەمانی مەسعود بەرزانیدا

## عوسمان حاجی مارف



دیارنەمانی مەسعود بارزانی چەند روایەتو باسی سەرنج راکیشی هینایە نیو خەلکیو میدیاکانەوە، کە بوونە جیگای پرسیارو لیکۆلینەوەو سەرسورمان، بابەتی ئەم نوسینەی من ئەوە نیە وەلام بەوانە بداتەوە، هەروەها بەدوای  دروستیو نادروستی روایەتەکانیشەوە نیم، پیوستە ئەو لایەنە لە دیار نەمانی مەسعود بەرزانی بایەخ پیَ بدەین کە تا چەند خەلکی کوردستانی هەژاندووە، واتە تا چەند بۆی بە پەرۆشنو بە غەمیەوە هەنو چاوەروانن هەوالی سەلامەتی بزانن.

ئەو کەسایەتیانەی رابەرو خۆشەویستی خەلکن، لە ئومیدو خۆشگوزەرانیو پاراستنی ژیانو چارەنوسی خەلکیدا خاوەن رولی بەرچاو بن،  بۆ یەك سات دیار نەمانیان تەواوی هەستو دەرونی جەماوەرکەی رادەچلەکینیت، بەدوای هەوالی سات بەساتیەوە دەبنو دەپرسنەوەو داوای دەکەن.

مەسعود بەرزانی جگە لەوەی تا ئیستا هەفتەیەك زیاترە دیار نییە، روایەتەکانی ناو خەلکی زۆر بەسادەییو بیَ بایەخ باس لە بریندداربونو نەخۆشی مەترسی دارو لە ناوچونی دەکەن، دیارنەمانی هیچ گرژیو نارەحەتی نەخستۆتە سەر روخساری خەلکان، چاوەروان نینو داوا ناکەن بیێتەوە!

ئەم دیاردەیە ئەو راستیە دەهەژینیٚو دەسەلمینیت، کە سەرۆکی هەریم خۆشەویستو نوینەری خەلك نیە، پیوستیان پیَ نیەو نایەنەویٚت، دلسۆزیان نیەو لەگەل بەرژەوەندیەکانی خەلك تەبا نایەتەوە، هەمان راستیش زیاتر رۆشن دەبیتەوە کە هەلبژاردنەکان لە چوارچیوەی هەمان ئەو گەندەلیانەدا بەریوە چون کە خەلکی بەدەستیەوە دەنالینن.

فەرامۆشیو گویَ نەدانو بیَدەنگی خەلك بەم ون بونەی سەرۆکی هەریم شیوازیکی نارەزایەتیە لەبەرامبەر دەسەلاتی حکومەتی هەریمدا ، نمونەیەکی شاکارو بیَ وینەیە بۆ هەموو سەرکردایەتی یەکیتیوپارتی، تا بزانن چارەنوسیان لە کوردستاندا لە ژیر توورەییو قینی خەلکیدایە، ئەوەش دەخاتە بەرچاویان  کە رویان هەلنەیەت بلین هەلبژاردەو نوینەری خەلکن، دەبیت ئەوەش لە ئەزمونەکەیان قەبول کەن کە خەلك ئەوانی ناویتو پییان رازی نیە، بە ملهوری زۆرە ملیٚ دەستیان بەسەر کوردستاندا گرتووە، دەبیت ئەمرۆ یا سبەی مال ئاوایی لە دەسەلاتی سیاسیان بکەن.

جا لەو بارەوە مەسعود بەرزانی دلی راحەتو بیَ غەم بیٚت خەلکی کوردستان  بە تەنکیەوە نینو چاوەروانی ناکەن، چەند دیارنەمانەکەی دریژە بکیشیت ئەوەندە روایەتەکان زیاترو سەمەرەتر دەبن.